# گەڕانەوە بۆ منداڵی لە شیعری

# لەتەمدا دیارنیم_ی دلاوەر قەرەداغیدا



**سەدیق سەعید رواندزی**

پەیوەندیەکی هەمیشەیی‌و پتەو,لەنێوان رەگەزی شیعروتەمەنی منداڵی,وەك بابەتێكی شیعری هەیە.بەرادەیەك كە كەم ئەزموونی شیعری شاعیرانی ئێمە هەیە,منداڵی وەك قۆناغێكی ژیان رەنگی تیادا نەدابێتەوەوئاماژەی پێ نەكرابێت,هەڵبەتە ئەمەش بەپێی ئەزموونی شیعری‌وسایكۆلۆژیەتی شاعیردەگۆردرێت. بەومانایەی شاعیر هەیە, لە ژێر كاریگەریەتیەكی قوڵ‌وهەمیشەیی ئەو تەمەنە دایەو,لە زۆربەی شیعرەكانیدا ,لەفۆرمی جیاواز ئاماژەی پێ دەدات.بێگومان ئەمەش پەیوەستە بەو قۆناغەی تەمەنی مرۆڤەوە,كەرەنگە لای هەندێكمان,هەمیشە جێگەی رامان‌وگەرانەوەبێت بۆی,بەپێچەوانەوەش لای هەندێكی تریشمان,بەشێوەی راگوزەرو لە چوارچێوەی یادەوەریەكدا ,جارناجارێك یادی بكەینەوە.وەلێ هەمیشە مرۆڤەكان,بە هەموو جیاوازیەكانیانەوە ,لەهەر قۆناغێكی تەمەنیش دابن,ئەگەر بۆ جارێكیش بێت,هەوڵی ئەو گەرانەوەیە دەدەن بۆ تەمەنی منداڵی,كەلەدنیابینی هەر یەكێكماندا ,بەهەزارەهابیرەوەری تاڵ‌وشیرین‌ودیمەنی جوان‌وناشرین نەخشێندراوە.بەتایبەتیش كەهەموو ئەو رووداوانەی لەو قۆناغەدا ,بەسەر مرۆڤ دادێت‌و یاخود دەیانبینێت,لە هزری دەمێنەوەو,وەك یادەوەریەك لای تۆمار دەكرێن.كەزۆرجار تاكو مردنیش,لە دنیابینی دەمێنەوە.بەڵام لێرەدا پرسیار ئەوەیە كە مرۆڤ بۆچی دەگەرێتەوە منداڵی لە كاتێكدا لە قۆناغێكی دیكەی ژیان دایە؟رەهەندەكانی ئەوگەرانەوەیە پەیوەستن بەچی؟بۆچی دەبێ لە گەورەبووندا خۆزگەی گەرانەوە بۆتەمەنێك بخوازین,كەرەنگە هیچ خۆشیەكمان لێی نەبینیبێت؟ئەمانەو زۆر پرسیاری تریش.كەپەیوەستن بەو ئارەزوە دەروونیەی مرۆڤ, كەخۆی .لەگەرانەوە بۆ ئەو تەمەنەدا دەبینێتەوە

بەبۆچوونی من گەرچی گەرانەوە بۆمنداڵی,غەریزەیەكی سروشتییە لەناخی مرۆڤەكانداولەهەندێ

کاتدا پەیوەستە بەنەستەوە .وەلێ یەکێك لە پاڵنەرە سەرەکیەکانی ئەو گەرانەوەیە ,هەڵاتنە لە تەمەنی گەورەیی ,وەك قۆناغێکی ژیان کە چەندین ئاریشەی کۆمەڵایەتیودەروونیووجودی تیایە .بەومانایەی لەوتەمەندا مرۆڤ رووبەرووی هەزارەها پرسیاری فەلسەفیوهاوکات ,هەزارەها کێشەو تراژیدیای ئنسانیانە دەبێتەوە ,کەدواجار ئەو هەستەی لادروست دەکەن ,کە قێز لەو تەمەنی بکاتەوە .بەمانایەکی تر باوەش کردنەوە بەمنداڵی لە ئاستێکی فەنتازیدا ,هەوڵدانە بۆ دەرچوون لەو بەیەکدادانەی ,ئەوتەمەنە ی ژیان ,لەگەڵ شوێنگەوزەمەنی بووندا .چونکە هەمیشە منداڵی تەمەنێکی پر بەرائەتوجوانودوورلە ژاوەژاوەو جەنجاڵی ژیانە .تەمەنێکە مرۆڤ کەمترین حەسرەتودرککردنوهەستکردنی هەیە بە تراژیدیاکانی بوونوژیان. بەتایبەتیش لە کاتێکدا ,کەتادێ گەورەبوون نەك هەر کارەساتە ,بەڵکو ژیان ناشرینتروکارەساتاوی تر دەکات .ئێمە لەزەمەنێکدا دەژین ,کەزەمەنی نامیهرەبانیوخالّی لەسۆزوخۆشەویستیومرۆڤدۆستییە .ئیدی بۆ ئارەزوو نەکەین بگەرێینەوە بۆ منداڵی ,کەهێشتا نیگاکانمان ,ئاوێتەی ئەو هەموو مەرگەساتوتراژیدیانەی ژیان نەبووبون ,کە گەورەبوون لەگەڵ خۆیدا بۆمانی هێنا .منداڵییەك کەتەژیە لە پاکیوسادەییوخاکەرایی ژیان .وەلێ ئایا دەتوانین ,جارێکی تر منداڵ ببینەوە؟ ئەمە لە خەونێك بەولاوە هیچی ترە؟ شیعری (لەتەمدا دیارنیم*) هەڵگری ئەو گوتارەیە کەباسمان کرد ,کە ئەویش گوتاری گەرانەوەیە بۆ منداڵی .بۆیەشە شاعیر لەرێی وێنە شیعریەکانەوە ,جارێکی تر دنیای منداڵی, وەك فیلمێکی سینەمایی, دێنێتەوە بەرچاوی ئێمەو ,ئەو یادەوەریوگەمانەمان پیشان دەداتەوە, کەئەو لەو تەمەندا وازی کردوون .شاعیر یەکێکە ,لە دیارترین ئەو شاعیرە کوردانەی لەشیعرەکانیدا ,بەبەردەوامی دەگەرێتەوە بۆ تەمەنی منداڵیوسەربوردەکانی ئەو تەمەنە مان بۆ دەگێرێتەوە .منداڵی وەك بابەتێکی شیعری گەورەترین پانتایی شیعری لە ئەزموونی شیعری ئەو شاعیرەداگرتووە .بەرادەیەك کەم تێکستی شیعری ئەو شاعیرەهەیە ,ئێمە وەك خوێنەرێك تیایداهەست بەو گەرانەوەیەی شاعیر نەکەین بۆ منداڵی ,بەگوتارودنیابینی جیاوازەوە .واتە شاعیر بەبەردەوامی جارێکی تر وەك فیلمێکی سینەمایی سەربوردەکانی ئەو تەمەنەی خۆیمان پیشان دەداتەوەولە شیعردا ,وێنەکان تەوزیف دەکاتەوە .وەلێ بەبۆچوونی من لەو دەقەیدا ,شاعیر بەگوتارودنیابینیەکی دیکەوە ,ئەو کردارە کەئەویش گەرانەوەیە بۆ منداڵی ,بەرجەستە دەکاتەوە لە فۆرمێکی دیکەی شیعریدا .بەبۆچوونی من ئەو دەقە هێندەی بە تەکنیکی چیرۆك نووسراوە ,هێندە فۆرمێکی شیعری دیاریکراوی نییە ,بەومانایەی لەو شیعرەی شاعیردا ,هەموو ئەو رەگەزانە دەبینین کەلە بونیادی چیرۆك دانە .وەك کاتوشوێنورووداووبگرە کەسایەتیەکانیش .چونکە شاعیر لەو دەقەیدا ئاماژە بەو لایەنانە هەمووی دەکات .بەدەربرینێکی تر چیرۆکی منداڵیەتی خۆی لەرێی تەکنیکی بوون بەکارەکتەری منداڵەوە ,لەو شیعرەدا وێنا دەکات .لەراستیدا یەکێك لەو تایبەتمەندیە ئەدەبیانەی ,کە ئەزموونی شیعری ئەو شاعیرە ,لەرووی بابەتی گەرانەوە بۆمنداڵی لە شیعردا ,لە ئەزموونی شیعری شاعیرانی تر جیادەکاتەوە ئەوەیە ,کەشاعیر منداڵی وەك بابەتێك ناهێنێتەوە نێو شیعر ,بە پێچەوانەوە بەلکو خۆی منداڵ دەبێتەوەو ,جارێکی ترئەوکرداروهەڵسوکەوتورەفتاروتێگەیشتنانەمان بۆ وازی دەکاتەوە کەلەمنداڵیدا کردوونی .کە ئەمەش جوانترین وێنەوگوتاری شیعریە لەشیعری ئەو شاعیرەدا .بەدەربرینێکی تر ئەگەر شاعیرانی تر ,لەرێی پرۆسەی گێرانەوەو نوێکردنەوەی تەمەنی منداڵی لەرێی وێنەی شیعریەوە ,ئاماژە بەو تەمەنەی خۆیان بدەن ,بەپێچەوانەوە ئەو شاعیر بەهەموو ئحساسەکانیەوە منداڵ دەبێتەوە .بێگومان جیاوازیەکی زۆریش هەیە لەنێوان ئەوەی کە مرۆڤ لە شیعردا, منداڵ ببێتەوەوجارێکی تر, بچێتەوە نێو ئەوکەشەو رۆَلی کارەکتەری منداڵ ببینێت ,لەگەڵ ئەوەی منداڵی وەك قۆناغێکی تەمەن ,جارێکی تر لەرێی وەسفەوە بهێندرێتەوە نێو

شیعر.چونکە لەحاڵەتی یەکەمیاندا ,مرۆڤ وەك خۆی بەهەموو هەڵسوکەوتودنیابینیوخەسڵەتی سایکۆلۆژیوپەروەردەیی دەبێتەوە منداڵ ,بەمەش باشتر دەتوانێت گوزارشت لەوتەمەنوقۆناغە بکاتومەبەستەکان بپێکێ.بەپێچەوانەی ئەوەی جارێکی تر, لەگەورەییدا ئەو گوزارشتە بکات.بەدڵنیایەوە هیچ کاتێكوهیچ مرۆڤێکیش لەگەورەییدا ناتوانێ وەکوخۆی,منداڵیەتی خۆی, وێنا بکاتەوە,ئەگەر جارێکی تر نەبێتەوە بەکارەکتەرێکی منداڵ بەهەموو
هەستونەستوجوانیوپاکیولاسارییەکانیەوە.بۆیەشە شاعیر لە شیعری لەتەمدا دیار نیم نایەت گوزارشت لەمنداڵیەتی خۆی بکات,بەڵکو خۆی منداڵ دەکاتەوە.ئەمەش وەك باسمان کرد ئەوپەڕی ئستاتیکای ئەودەقە شیعریەیە,کە جیاوازە لە ئەزموونی شیعری هەر شاعیرێکی تر لە گەڕانەوەی بۆمنداڵی.هەر وەك شاعیر دەڵێ:_

..ئەمەماڵەکەمە
..ئەوەش منم کەیاری دەکەم
...لەتەمدا دیارنیم
..ئەودەرگایەش کە تا سەر ئەژنۆ..لەهەتاودا نوقمە
..دەرگای باخەکەمە
..گەرلەدەرزی پەنجەرەکەی بەرانبەرەوە بنۆڕیت
...دەبینیت میوانێکی نیگەران
...ئێواران بەزەمیلیەیەك بارانەوە

ئێمە وتمان کەبونیادی ئەو شیعرە, لەرووی هونەریەوە بونیادێکی چیرۆك ئامێزە.بەومانایەی هەموو ئەو رەگەزانەی لە چیرۆکدا بونیان هەیە لەو شعرەشدا دەبینرێن.ئەگەر بەوردی سەرنج لەو کۆپڵە شیعریە بدەین دەبینین,هەموو رەگەزەکانی وەك شوێن,کات,کارەکتەروزەمەنو بگرە رووداویش,بوونیان هەیە.شاعیر لەرێی فلاش باگەوە,کەتەکنیکێکی چیرۆکە,دەگەڕێتەوە سەردەمی منداڵیولەچوارچێوەی,دیدێکی خەیاڵاویەوە خۆی دەکاتەوە منداڵەکەی دوێنێوبەوردی هەموو ئەو شوێنوکاتومرۆڤانەمان بیردێنێتەوە,کە ئەو بینیویەتی.شاعیر لەو دەربڕینەشیعریەدا,بۆنموونە ناڵێت,بەبیرم دێت بە پێچەوانەوە ,بەلکو وەك باسمان کرد منداڵ دەبێتەوە.ئەو
لەگەورەییدا,جارێکی تر بەهەموو هەستونەستەکانی منداڵیەتی,چەندین ساڵ دەگەڕێتەوە دواوەوقۆناغی گەورەیی جێدێڵێتولە ئاستی خەیاڵدا,نەك بەجەستەو روح دەست دەکاتەوە,بە یاریەکانی منداڵیوبە چاوی ئەوکات,کەسەردەمی خۆشەویستیومیهرەبانیوجوانیوپاکی بوو,دنیادەبینێت.واتە شاعیر لەبری ئەوەی منداڵی بێنێتەوە نێو شیعر وەك باسمان کرد,بەپێچەوانەوە بەڵکو خۆی منداڵ دەبێتەوە,ئەمەش ئەو جیاکاریەیە کە لە شیعری شاعیرانی تر بوونی نیە.لێرەوەش فەزای ئەو دەقە شیعریە,فەزایەکی تەواو منداڵیانەیە.بەو مانایەی کاتێ دەیخوێنینەوە,هەست بەو دنیایە دەکەین,کەمنداڵ لە سەردەمی منداڵیەتی خۆی هەیەتی.
بەتایبەتیش کە شاعیر راستەوخۆ,بەدەر لەهەر جۆرە سیمبولێك هەمان ئەو
هەڵسوکەوتوژینگەوشوێنی منداڵیەتی خۆی وازی دەکاتەوە.
رەنگە یەکێك لەلایەنە جوانەکانی,تەمەنی منداڵی مرۆڤ ئەوەبێت,کە ژیانێکی سادەو ساکاروبێ ژاوەژاوەی ژیان دەژیت.بوونی مرۆڤ لەوتەمەنەدا, هێندەی بوونێکی سادەوبێ سانسۆرە,هێندە بوونێکی ئەنتۆلۆژیو فەلسەفی گەورە نییە,کەسەرەنجام مرۆڤ رووبەرووی هەزاران پرسیاری بێ وەڵام بکاتەوە. بەدەربرینێکی تر منداڵ,ژیانی خۆی لە چوارچێوەی ئەوجوگرافیە بچوکە دەبینێت

کەتیایدا دەژیتو واهەست دەکات,هەموو دنیا تەنیا ئەو کۆَلانەیە کە ئەو یاری تێدا دەکات.بۆیەشە هیچ تەمەنێك بە قەد تەمەنی منداڵی بۆمرۆڤ,مایەی جوانیوخۆشەویستیوئەوپەری سنوورەکانی ئازادی نییە.بەومانایەی ئەو هێشتا نەچۆتە نێو تەمەنی گەورەبوونەوە, کەتیایدا,هەست بەنەهامەتیوتراژیدیای گەورەی ژیان بکات.بۆیە وادەزانێت ژیان هەرتەنیا ئەو ساتانەیە کە ئەوی تێدایە.کاتێ ئەو تەمەنش جێدێڵێتوگەورە دەبێت, ئەوسا تێدەگات گەورەبوونوماڵئاوایی کردن لەتەمەنی منداڵی چ کارەساتێکی گەورەیە.هەروەك شاعیر دەڵێ:_

...ئەوە دیوی دەرەوەی ماڵەکەم بوو
..گەرچی لەبەر یاریی
..لەتەمدا دیار نیم..بەڵام ئازادم
...ئەم شوێنە سنووری منە لە ئێوارەوە تا ئەستێرە

ئەمە وێناکردنی ئەو چرکەساتانەیە,کەهەریەك لە ئێمە لەتەمەنی منداڵیدا,تیایدا ژیاوین.ئەویش چرکەکانی گاڵتەوگەمەکردنەلەکۆڵانەکانی شاردا لەگەڵ هاورێکانمان.ئەوچەند ساتانەی منداڵ جگە لەخەونە رەنگاورەنگەکانی خۆی,بیری بەلای هیچ شتێکی ترداناچێت,تەمەنێك کەهێشتا هزری مرۆڤ بەرووی هەزارەها,ئاریشەی ژیان نەکراوەتەوە.بەپێچەوانەوە, بەلکو ئەوتەنیا دەزانێت,لە بەیانیەوە تاشەو لە کۆڵاندا یاری بکات.کاتێ گەورەبییش رووی تێدەکات وبەبێ ئەوەی هەستی پێ بکات,دەکەوێتە نێو ئەو ژیانە سەختەوە,ئەوساتێدەگات کە چ کارەساتێك روویداوە.رەنگە قورسترینوتراژیدیترین,رووداو لە ژیانی ئەو نەوەیەی شاعیردا,ئەوگەورەبوونە کتوپرە بێت,کەبەسەر ژیانیان داهات. گەورەبوونێك کەخۆشیان نازانن,چۆن وابە خێرایی هاتوبەناچاری تەمەنی منداڵیوهەرزەیی پێ جێهێشتنو هەریەکەیانی رووبەرووی چارەنووسێکی نادیاروپر لەمەرگ کردەوە.بەتایبەتیش نەوەی شاعیر,بەگشتی تاڵاوی جەنگێکی سەختیان چەشتوهەموویان نەهەماتیەکانی جەنگی ساڵانی هەشتاکانیان بینیو بەو هۆیەوە,سەدان هەزار هاورێیی لە یەکتری کرد.ئەم لەیەکترکردنەودابرانە سەختە لەرووی دەروونیوروحیەوە,بۆ شاعیر زامێکی گەورەو بە سوێیە کەوەك تراژیدیایەك لە یادەوەری ماوەتەوە,بۆیە شاعیر بەتاسەوە ئەو رۆژانە دێنێتەوە نێو یادەوەریەکانی.وێنەی ئەو هاورێییانەی خۆی دێنەوە بەرچاو,کەهەر یەکەیان بەکارەساتێکەوە,مردن یاخود سەختی ژیان تەنگی پێ هەڵچنین.هەروەك شاعیر دەلێ:_

هاورێکانم..دەبینم
شەکەتونائومێد..پەژێوان
...بەوبەفرەدا
...بەسواری ئەسپی سپیەوە
...لەسەفەری شارە دوورەکان..دێنەوە

ئەمەش بەو مانایە دێت,کە هاورێکانی شاعیر وەك بەشێك لە ئاماژە مێژوویيوکۆمەڵایەتیەکانی,شوناسی نەوەی ئەو,هەریەکەیان رووبەرووی چارەنووسێکی نادیار

بوونەوەو,خۆشیان نەیانزانی کەچۆن وابە کتوپڕوخێرایی منداڵیان,وەك تەمەنێکی پڕ لە بەرائەت جێ هێشتوو,گەورەیی وەك کارەساتێك رووی تێ کردن.گەرانەوە بە سواری ئەسپی سپی ,هێمایە بۆ ئەوەی کە ئەو نەوەیە,نەهامەتیو تراژیدیاکانی ژیان,خێرا سەری پێ سپی کردن,سپی بوونی قژیش دەلالەتێکە,بۆ نزیك بوونەوەی,لەدواوێستگەی ژیان,کە ئەویش مردنە.بەدەربرینێکی تر شاعیردەیەوێت,ئەو پەیامە بە ئێمە بگە یەنێت کە ژیان وتەمەنی ئەوان چ بەخێرایی هاتوگوزەشت.ئیدی لە نێو تالاوی ئەو گەورەبوونەی تەمەندا,جگە لە گەرانەوە,بۆکۆلانەکانی منداڵیوکردنی پیاسەی ئێوارانێك,لەگەڵ هاورێکانیدا,هیچ ئارەزوویێکی تری نییە.بەومانایەی باشترین شوێن,بۆ دوورکەوتنەوە لە نەهامەتیەکانی ئێستای ژیانی شاعیردا,کەدەرەنجامی گەورەبوونیەتی,گەرانەوەیە بۆ منداڵی.ئیدی لەوێوەش وێنای خەمەکانی هاورێکانی دەکاتو,بە تاسەوە بە ئێمە دەلێت,کەنەوەیەکی چەند بەدبەخت بوون,هەروەك شاعیر خۆشی دەڵێ:_

هاورێمن
ئێوارەیەکیان..لەپڕ گەورەدەبن...
پاشان لە شەرەکاندا دەکوژرێن...
شاعیر دەگەرێتەوە,نێو ژیانی سادەو ساکاری کۆمەڵی کوردەواریو لەرێی وێنەیەکی شیعریەوە,ئەو چەندساتانەمان بیردێنێتەوە,کەتیایدا ژیان چەنێ جوانوپاكوتەژی لە خۆشەویستیومیهرەبانی نێوان کەسەکان بوو.ئەو ساتانەی مرۆڤەکان لە سەر یەك خوان کۆدەبوونەوە,دنیایەك خۆشەویستیومیهرەبانی لە نێوانیان داهەبوو.سەردەمانێکی زوو کە هێشتا مرۆڤ نەبوبوە,ئەو بوونەوەرە جەلادەی هەمووشتێك بکات,لە پێناو نەرجسیەتی خۆی.سەردەمانێك کەمرۆڤ سادەوساکار دەژیاو,هیچی نەبوو وەلێ گەورەترین سەرمایەی هەبوو,کە ئەویش بەختەوەری بوو.بەپێچەوانەی ئێستا کەهەمووشتێکی هەیە وەلێ ئاسودەیی نییە. کەواتە مرۆڤ با بالاخانەی بەرزوشەقامی جوانوشاری گەشورازەوەی هەبێت,بامرۆڤ هەموو پێداویستیەکی ژیانیشی هەبێت .کە ئاسودەیی نەبوو,چ دەکات.ئەوەنییە لە ئێستادا ئێمە ژیانێك دەژین,لەو پەری پێشکەوتوو مۆدێرنونوێ ,کەچی هەمیشەش هەست بە نائومێدیونائاسودەیی دەکەین لەژیانداو بەردەوام واهەست دەکەین,شتێکمان ونکردووەوبۆی دەگەرێین,کە واتە ژیان بێ ئاسودەییوبەختەوەری چ مانایەکی هەیە, ئەوە نییە شاعیر بە نائومێدیەکی زۆرەوە لەو مۆدێرنیەتەی ئێستادا دەڵێ:_

نازەنین..زۆپاکە دەکوژێنێتەوەو..
چراکە کزدەکا....
لێفەکە بە خۆمدا دەدەم..!!!
ئەفسوس هاورێ,ئیدی تاهەتایە نە چراکان ماون,تا کز کرێنونەلێفەش ماوە بە خۆمانی دابدەین.چیتریش باوکمان,لە باغەکە دانانیشێتوهاوکات,تاهەتایەش نەنکمان لە نێومان دانیە ,تا دوعامان بۆ بکات.ئەفسوس هاورێ ئەو زەمەنە گوزەشت,ئیدی هەموومان چیتر مرۆڤە پاكومیهرەبانوجوانەکەی دوێنێ نین,بەلکو رۆبۆتێکی بێ هەستوگیانین,ئەفسوس...هەزاران جاریش ئەفسوس..!!!

تێبینی/لە تەمدا دیار نیم ,شیعرێکی (دلاوەر قەرەداغی) شاعیرەوە,لە ژمارە 170ی رۆژی

2011/7/5...... گۆڤاری رامان بڵاوکراوەتەوە
ئەم بابەتە لە ژمارە(236) رۆژی 2011/8/15پاشکۆی ئەدەبی رەخنەی چاودێری رۆژنامەی *
...چاودێر بڵاوکراوەتەوە

**سەدیق سەعید رواندزی**